را پۆرتی بیکەر- هاملتۆن

پێشێلکردنی سەروەری عێراق

بەهرۆز عەلی

بەدرێژایی مێژوو بەشێك لە ستراتیژی ئەمەریکا ئەوە بووە، کاتێك ولاتێکی داگیرکردبێت یاخود رزگار کردبێت، خۆی بەدوورگرتووە لە پێشێلکردنی سەروەری ئەو ولاتە، بەڵکو سەروەری (sovereignty) بۆ گەراندۆتەوە، نمونە رزگارکردنی ژمارەیەك لە ولاتانی ئەمەریکای لاتین لەدەست ئیسپانیا و هەروەها داگیرکردن و رزگارکردنی ژاپۆن و ئەڵمانیا کە تەنها بنکەی سەربازی لەو ولاتانە جێگیر کردوە، بەبێ ئەوەی دەستی خستبێتە ناو کاروباری حوکمڕانی و قەزائی و ئابووری ولاتەکەوە، هەرئەمەشە لە شێوازی ئیستعمارەکانی وەك ئینگلیزو فەرەنسا و ئیتالیای جیاکردۆتەوە، ئەم ولاتانە هەرکاتێك ولاتێکیان داگیرکردبێت، بەپێچەوانەی ئەمەریکاوە، دەستیان وەردواوەتە وردودرشتی کاروباری فەرمانڕەوایکردن، کە سەروەری ئەو ولاتەی نەهێشتووە.

ئەمەریکا کاتێك عێراقی داگیرکرد و لەدەست رژێمە دیکتاتۆرپەکەی رزگاریکرد، زۆر هەوڵیدا سەروەری بۆ حکومەت و خەڵکەکەی بگەڕێنێتەوە، لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە تا بەهۆی بڕیاری ١٥٥٤ ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێو دەوڵەتی سەروەری تەواو بۆ عێراق گێڕدرایەوە و عێراق چووە باوەشی نێو دەوڵتی، بەڵام جێگەی تێڕامانە لە ٧٩ ڕێنمایی ڕاپۆرتی بیکەر هاملتۆن بەئاشکرا سەروەری عێراقی پێشێل کراوە کە زۆربەی خاڵەکان بەپێچەوانەی بنەماکانی دەستوری عێراقن، بۆ نمونە لە خاڵی ٢٦دا هاتوە، **پێویستە چاو بە دەستوردا بخشێنرێتەوە وئەو چاو پێداخشانەوەیەش بەپەلە جێبەجێبکرێت، گەر ئەوەی جێبەجێبکرێت، هیچ بۆ سەروەری عێراق ناهێڵێتەوە،** هەروەها لە خاڵی ٢٧دا هاتووە **ئاشتەوایی نیشتمانی، داوا لە نەتەوە پەرستەکان و بەعسیەکان بکات بگەڕێنەوە ناو ژیان نیشتمانی و ئەمەریکا هانی کۆنە بەعسیەکان و لایەنگرانی سەدام حسێن بدات بگەڕێنەوە ناو حوکمڕانی نوێی عێراق،** ئەمە بەبێ تەمومژ پێشێلکاریەکی

بیکەرو هاملتن، دوو سیاسییەتمەدارە پیرەکەی ئەمریکا بەگومانەوە لەئایندە دەڕوانن

تەواوی سەروەریی عێراقە، چونکە پێکهاتە سەرەکیەکانی عێراق ئەمرۆ، بەتەواوەتی بەڵێنی ئەوەیاداوە، نەهێڵن جارێکیتر تاوانبارە بەعسیەکان بگەڕێنەوە سەر حوکمڕانی، لەخاڵی ٢٩ دا هاتووە **پێویستە داهاتی نەوت بگەڕێتەوە بۆ ناوەند و لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوان دابەشبکرێت،** کەلەگەڵ دەستوردا نایەتەوە و لەدەستوردا هاتوە دەبێت بەپێی زەرەرو زیانی شوێنەکان داهاتی نەوت دابەشبکرێت.

هەروەها لەخاڵی ٣٠دا هاتووە، پێویستە **مادەی ١٤٠ای دەستوری عێراق کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و ڕاپرسی لەسەری، لەوادەی خۆی دوابخرێت** لەکاتێکدا مادەی ١٤٠ یەکێکە لە ماددە سەرەکیەکانی دەستوری نوێی عێراق و بەڕێکەوتنی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکان دانراوە، لەلایەکیترەوە خاڵی ئەولەویەتی حکومەتی مالیکی بوو لەچوارچێوەی خشتەی کارەکانی کابینەی حکومەتەکەیدا !

کەواتە هەم حساب بۆ دەستور وهەم بۆ حکومەت و دەسەلاتی جێبەجێکردنی دەوڵەتی عێراقی نەکراوە، لەخاڵی ٤٢دا ئاماژە بەوەکراوە **پێویستە ژمارەیەك لەئەندامان و ئەفسەرانی لێهاتووی سوپای ئەمەریکا پەیوەندی بکەن بە سوپای عێراقەوە،** بەمەش ئەو کاتە هەندێ یەکەی سەربازی سوپای عێراقی دەکەونە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی ئەمەریکییەوە..

هەروەها لەخاڵی ٥٠ دا هاتووە **پێویستە پۆلیسی عێراق بخرێتە سەر وەزارەتی بەرگری،** واتە دەستێوەردانی **دانیشتوان دابەشبکرێت،** کەلەگەڵ دەستوردا نایەتەوە و لەدەستوردا هاتوە دەبێت بەپێی زەرەرو زیانی شوێنەکان داهاتی نەوت دابەشبکرێت.

هەروەها لەخاڵی ٣٠دا هاتووە، پێویستە **مادەی ١٤٠ای دەستوری عێراق کە تایبەتە بە جێبەجێکردنی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و ڕاپرسی لەسەری، لەوادەی خۆی دوابخرێت** لەکاتێکدا مادەی ١٤٠ یەکێکە لە ماددە سەرەکیەکانی دەستوری نوێی عێراق و بەڕێکەوتنی نێوان پێکهاتە سەرەکیەکان دانراوە، لەلایەکیترەوە خاڵی ئەولەویەتی حکومەتی مالیکی بوو لەچوارچێوەی خشتەی کارەکانی کابینەی حکومەتەکەیدا !

کەواتە هەم حساب بۆ دەستور وهەم بۆ حکومەت و دەسەلاتی جێبەجێکردنی دەوڵەتی عێراقی نەکراوە، لەخاڵی ٤٢دا ئاماژە بەوەکراوە **پێویستە ژمارەیەك لەئەندامان و ئەفسەرانی لێهاتووی سوپای ئەمەریکا پەیوەندی بکەن بە سوپای عێراقەوە،** بەمەش ئەو کاتە هەندێ یەکەی سەربازی سوپای عێراقی دەکەونە ژێر فەرمانی ئەفسەرانی ئەمەریکییەوە..

هەروەها لەخاڵی ٥٠ دا هاتووە **پێویستە پۆلیسی عێراق بخرێتە سەر وەزارەتی بەرگری،** واتە دەستێوەردانی **ڕێکخستنی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بکات!.**

لەخاڵی ٦١ دا هاتووە، **پێویستە وەزارەتی دادی ئەمەریکا کۆمەڵێك دامەزراوە دابنێت بۆ قەلاچۆکردنی گەندەڵی،** لەخاڵی ٦٧ دا هاتووە **پێویستە لەسەر سەرۆکی ئەمەریکی پۆستی تایبەت بە ڕاوێژکاری ئاوەدانکردنەوەی عێراق دابنێت،** کەواتە لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت، کە ڕاپۆرتەکەی بیکەر - هاملتۆن، بە تەواوەتی سەروەری (sovereignty) ی عێراقی وەلاناوە، بەپێچەوانەی یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکان، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ستراتیژی ئەمەریکادا یەکانگیرنابێتەوە، چونکە وەك ئاماژەم پێکرد ئەمەریکا زۆربەی جار بانگەشەی ئەوە دەکات کە سەروەریی وڵاتان پارێزراوبێت، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکەی بیکەر- هاملتۆن دەردەکەوێت بەتەواوەتی وڵاتێکی زلهێز دەست دەخاتە ناو کاروباری سەربازی و ئیداری و قەزائیی و ئابووری و کاروباری دەوڵەت، کە ئەمەش پێشێلکردنێکی ڕاستەوخۆ حکومەتی عێراق دەگەیەنێت.

نەرەخسانی ڕواڵەتەکانی شار لەکوردستان

سەرکەوت جەلال جەباغ

شارستانیەت واتە کۆمەڵ یان کلتور، فەرهەنگ دابونەریت.. لای یۆنانیەکان هەر کۆمەڵگەی یۆنانی شارستانیەتی هەبوو، لای ڕۆمانیەکان تەنها کۆمەڵگای ڕۆمانی و یۆنانی شارستانی بوو، لای پارێزگای سلێمانی شارستانیەت ئەوەیە پێش کاتژمێرێك لەکۆبونەوەیك خەڵك ئاگاداربکەنەوە مەبەستم خاوەن ئۆتێل و چێشتخانەکانە کاتێك ئەمان گەیشتنە هۆڵی کۆبونەوە لەکاتژمێر ١١نوێنەری پارێزگا ئامادە نەبوو بەڵکو دوای چارەکێك گەیشتە هۆڵەکەی، نوێنەری پارێزگای داوای کرد کە شاگردی چێشتخانەو ئۆتێلەکان یەکپۆشی (زی الموحد) بن پاك و تەمیزی رابگرن، ئەمە لەبەر ئەوەی میوانانی پێشانگای نێو دەوڵەتی لە سلێمانی شارستانیەتی شارەکەمان ببینن. لەوە ئەچێت بە دێزی یەکپۆشی(زی الموحد) بە شارستانیەت دابنێت. ئەی بەڕێزی چاڵە گەورەکانی شارەکان و قیرتاونەکردنی زۆربەی جادەکانی شارەکەمان بە شارستانیەت دادەنێت؟ نەبونی ئاوو کارەبا بەشارستانیەت دائەنێت؟ نەبونی کۆمپیوتەرێك لە بازگەکانی سلێمانی کە پویوەندی ڕاستەخۆی هەبێت بە ئاسایشی گشتی بۆ لێکۆڵینەوە لە ناسنامەی گەشت و گوزاران بەشارستانیەت دائەنێت؟ دانانی پایەی زلزل کۆنکرێت لە جادەکانی شارەکەدا وە نەبونی سیستمێکی بەرگری لە تیرۆرو تێکدانی ڕووی شار بە شارستانیەتە؟ زۆر شتی تریش...

ساکارترین نمونە لە زاخۆوە هەتا سلێمانی یەك تابلۆ نەنوسراوە (سلێمانی.. کم) هەتا دەگەیتە دوای دوکان نوسراوە (سلێمانی- ٤٠کم) واتە میوانێك کە گەیشتە ئەولا دوکان واتە گکەیشتۆتە سلێمانی بەڕێز شارستانیەت یەك پۆشی، مۆبایل و ئۆتومبیلی ٢٠٠٦ نییە... شارستانیەت ئەوەنییە لەکاتی کۆبونەوە وەلامی مۆبایل بەیتەوە. لەوە ئەچێت شارستانیەت ئەوەیە کۆلانەکانی شار تاریك بێت یان شارستانیەت ئەوەیە نوێنەری پارێزگای سلێمانی نەزانێت کە فرۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداد لە مێژە ناوی گۆڕاوە وە ئێستا ناوی (مطار صدام) نییە..

شارستانیەت بە مانە دەناسرێتەوە:- (داب و نەریت یان زانستی کشتوکاڵ، و شار واتە پێچەوانەی ژیانی کۆچەری (ئەندازیاری)، پەیرەوی نوسین ژمارە و بیرکاری، و ئابوری گۆڕینەوەی شتومەك و ئایین و بەرگری هەروەها پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا) زۆر کەس دەڵێت پێشکەوتنی شارستانیەت پەیوەندی مرۆڤ و سروشت تێك دەدات لە ڕێگەی دروست بونی جۆرەها یاسا و بیروبۆچونی تازە وەهەروەها دروست بوونی هێزی کار بەجۆری تازە، مرۆڤ سروشتی زوو تێك دەدات زۆترلەوەی زەوی بتوانێت لە نوێوە خۆی تازە بکاتەوە، ئایا شتێکی هەلە نییە شارستانیەت و پێشکەوتنی ئێمە هۆیەك بێت لە هۆیەکانی تێکدانی سروشتی شارو وڵاتەکەمان ؟ لەم ڕۆژەدا ڕەنگە زۆر قورس بێت ئێمە بەرەنگاری داهێنانی تازە ببینەوە بەرەنگاری دروست کردنی کارگە ببینەوە بەڵام ئەتوانێت هەندێك یاسا و داواکاری بەسەر ئەو کارگانەدا بسەپێنن بۆئەوەی بەرەنگاری سروشت بێت و بەرەنگاری تێکدانی تەندروستی هاوڵاتیان ببینەوە.

کاتێك باسی پێشکەوتن دەکەیت لە شارەکەماندا هەندێك کەس دەڵێن کاکە بڕۆ سەیری شارەکە بکە... بڕۆ سەیری ئەو هەموو تەلارە بکە کە لەشارەکەدا دروست دەکرێت.. هەرتۆزێك وردبیتەوە لە ئاخاوتن لەگەڵیاندا دەڵێن کاکە چواردەورەکەمان ناهێڵن بەدەست ئێمە نیە.. زیاتر وردبیتەوە دەڵێن سەرکردایەتی خۆی دەزانێت چ ڕێگەیەك هەڵدەبژێریت، چاوەڕوانبە... ئەگەر سلێمانی و کوردستان نەبوو بە دبی لە سوید خۆشتر نەبوو..

لە وڵاتێکی وەکو سوید دەمێکە کارگەی چیمەنتۆیان داخستووە لە وڵاتانی ترەوە ئەیهێنن بۆ وڵاتەکەیان، لەکاتێکدا باشترین جۆری چیمەنتۆیان دروست دەکرد، ئەم هەنگاوەیان نا لەبەر ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە کارگەی چیمەنتۆ ئەبێتەهۆی پیس بوونی ژینگەو بەوهۆیەشەوە توش بوونی ژێرپەنجەی سنگ بۆ هاوڵاتیان، تەندروستی هاوڵاتیانیان لا گرنگترببوو، ئێمە دەزگای وەبەرهێنان تازە بە تازە بەردی بناغەی کارگەی چیمەنتۆ دادەنێت لە شارەکەمان، من کاتێك بەراوردی وڵاتی خۆم لەگەڵ سوید ئەکەم لەبەر ئەوەیە کە دەمەوێت وڵاتی ئێمە لە پێشکەوتووترین وڵات باشتر بێت.

لە وڵاتی ئێمەدا زۆرباس لە مافی مرۆڤ دەکرێت و زۆرخۆمان هەڵدەکێشین بە پەرلەمان و ڕۆژنامە و گۆڤارەوە لەکاتێکدا بە بروای من ئەو ڕۆژنامە ئەهلیانەش کە دەرفەتیان پێدراوە لەگەڵ ڕێزم بۆ کارمەندەکانیان میللەت مەشغول کردنە بۆ ئەوەی بەرەنگاری لەدژ گەندەڵی پیشان نەدەن.

لەوڵاتی ئێمەدا بنەرەتترین ماف دابین نەکراوە کە ئەزمەی ئاوو کارەبایە، لەشارێکی وەکو سلێمانی ئەبوایە لەمێژ بوایە مەسەلەی ئاوو کارەبا چارەسەربکرایە.. دەبوو لە مێژوایە جادە لە سلێمانی نەمایە قیرتاوی پێویست بێت، ئەبوایە لە مێژبوایە چەند ژێرزەمینێکی پەرینەوە لە جادەی مەولەوی، بەردەرکی سەرا، جادەی سالم دروست بکرایە.. ئایا شارەوانی بیری لێکردۆتەوە ؟ بۆدەست بەکارنابێت ؟

لە وڵاتێکی وەکو سوید ئەو مالّ و دوکان و خانوانەی کە تەمەنیان لە ١٠٠سالّ زیاتر بێت دەکەوێتە ژێرچاودێری کلتوور، واتە دەوڵەت (واتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و کەلەپور)کەس بۆی نییە دەستکارییان بکات ئەگەر پێویستی بەچاککردن بێت چەند ئەندازیارێکی باش تەرخان ئەکەن بۆ چاککردنی دەبێت بەهەمان شێوە چاك بکرێتەوە کە بیناکراوە.

لە سلێمانی هەرچی بیناکۆنەکانی ناوشارو (کانیسکان و سابونکەران..هتد) تێکدەدرێتەوە و دەبێتە تەلاری گەورە، لەوێ دەبێت هەموو دوکانەکان پرس بکەن بە شارەوانی بۆ دروست کردنی قوتعەی بەردوکانەکانیان، لێرە هەرچی هەڵدەواسی هەلیواسە کەس بیر لە جوانی شارناکاتەوە.

هەتا ئێستا لە سلێمانی بیر لە گواستنەوەی هاوڵاتیان نەکراوەتەوە دەبێت چاوەڕوان بکەیت هەتا پاس پردەبێت. لەوڵاتانی دنیادا گواستنەوە گرنگترین بەشە لە شارەوەانی بۆ دەرخستنی ڕووی گەشی شارەکە.. من تێناگەم شارەوانی خەریکی چیە؟

لەهەمان کاتدا لەبیرمان نەچێت هاوڵاتیانی ئەم شارەش کەمتەرخمیان هەیە بۆ نمونە پاك و خاوێنی شارەکە، زۆر جار ئەبێت ئاگات لەوە بێت لەپەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە پاکەتی جگەرەی بەتاڵ و قوتوی ساردیت بەرنەکەوێت، لەوە ئەچێت کەس ئەم وڵات و شارەی خۆش نەوێت، سوێدیەك تا تەماتەی سوێدیەك هەبێت تەماتەی هۆڵەندی ناکرێتەهەرچەندە تەماتەی سوێدی گرانترە... ئەمەش جۆرێکە لە خۆشەویستی وڵات.

زۆرجار لەخۆم ئەپرسم کلتور و داب و نەریت چیە؟ ڕەنگە یان لەوانەیەقەد ئەم وشانە بە ڕستەیەك شیبکەیتەوە، کلتور ئەوەیە کە نرخ بۆ دەستکەوتەکانی هەبێت کلتور سەرباریە، ئێمە نرخمان نییە بۆیە نرخی دەستکەوتەکەمان نازانین، کاتێك کە ئاوو کارەبا هەیە ڕێزیان لێناگرین، ئێمە ناتوانین سنورێکی دیاری کراو دابنێین لە نێوان کلتورو یاریکردن، یاری لای منال و ئاژەل شتێکی سروشتییە بۆ فێربوونی سنوری لەش، لەهەمان کاتدا بۆ پەرەسەندن و گەشەکردن، ئێمە لە ڕێگەی چاولێکەری باووباپیران فێری جوڵە باشەکان دەبین... فێردەبین کەلەڕێگەی ئەو جوڵانەوە ئەتوانین خۆڕاك پەیدا بکەین، هەرچەندە فێری شتی تازە ببین کاتمان زیاتر ئەبێت بۆ یاری کردن، کلتور پێویستی بە هەڵگر هەیە بە واتای پێداراگەیاندنلە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر، کاتێك کە بۆمان دەرئەکەوێت مرۆڤی نیاندەرتاڵ پێش ٥٠,٠٠٠ ساڵ بەهەمان شێوەی ئێستا مردوی ناشتوە و گوڵی لەسەر گۆڕەکەی داناوە دەزانین کلتور چییە و دەبێت بزانین کە ئێمە مرۆڤێکی کلتور هەڵگربوین بەڵام ئێمە چ کلتورێك بەجێدەهێڵین بۆ نەوەکانمان.

لە شارستانیەتی نزیك ڕوبارەکانەوە پێویستیان بە پلاندانان بووە بۆ کشتوکاڵ لەترسی لافاو بۆ زانینی وەرز ئێمە بەم هەموو پێشکەوتنەوە چ پلانێکمان هەیە.

لەڕێگەی پشکنینەوە دەرکەوتووە کە باووباپیرانمان هەر هێندەی ئێمە لەوڵاتە دراوسێکانمان دەترسین یان دەمانترسێنن.. ئەزانن هەموو شارستانیەتێك لەسەر بیرکردنەوە بیناکراوە؟؟ئەگەر بمانەوێت شتێك لە شارستانیەت بگۆڕین دەبێت بیرکردنەوەی کۆمەڵ بگۆڕین ئەبێ ئەندێشەیەکی تازە هەلگیرسێنین..

داهێنان چییە؟ ئەندێشەیە. زانست چییە؟ ئەندێشەیە. وێژە چییە؟ ئەندێشەیە زانست، ئاین، فەلسەفە چییە؟ ئەندێشەیە.

ئەنێشە بیرکردنەوە یان ئەندێشە جیهان دروست ئەکات، یان لەناوی ئەبات. بۆ ئەوەی شارەکەمان ببێتە نمونەیەك لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ئەبێ شارەوانی و دەزگای هاتوچۆوە هەموو لایەکی پەیوەندیدار کاربۆ ئەومانە ئەکات : (بەرگری کردن لە کلتور و داب و نەریتی بیناسازی واتە ئەندازیاری کۆنی شارەکەمان، دانانی یاسا بۆ بەرزی تەلارەکانی شارەکەمان و جۆری دروست کردنی، نەهێشتنی جادەی قیرتاو نەکراو لەشاری سلێمانی بەزوترین کات، چارەسەرکردنی مەسەلەی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی بەزوترین کات، نابێت بەهیچ جۆرێك ئاوو یان کارەبا ببڕێت لەهاوڵاتیانی شارەکەمان، ڕوناککردنەوەی جادەکان بۆ ئەمە شارەوانی ئەتوانێت کەڵك وەربگرێت لە وزەی خۆر بۆ نمونە لەڕێگەی کۆمپانیاکان.بێ خۆر لەچاو وڵاتی ئێمەدا زۆر لەو وزەیە کەڵکیان وەرگرتووە.

گۆرینی پلانی دانانی ترام لە ناوشاردا بەدانانی مێژوو لەبەر ئەوەی زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا وردە وردە واز دەهێنن لەبەکارهێنانی ترام لەبەر زۆر هۆ بۆ نمونە تێکرای جادە تێکدانی هاتوو چۆ ناشرین کردنی جادە بە تەلی کارەبای هەڵواسراو سکەی ئاسن دەنگی ناخۆش لە کاتی ئیش کردنیان...

گواستنەوەی کارگەکانی چیمەنتۆ بۆ دەرەوەی شار دروست کردنی ژێر زەمینی بەرەسیفەوە لە جادە سەرەکی یەکانی شار. ئەتوانرێت ئەو ژێر زەمینانە بۆ زۆر شتی تریش بەکار بێت وەك دروست کردنی بازار لە ناویاندا و.

کردنەوەی خولی فێربونی یاساکانی هاتو چۆ لەبەرئەوەی زۆر ناشارەزایان زۆربەیان یاساکان ناتوانن هەروەها مۆڵەتی شۆفێریشیان نی یە لە کاتێکدا دەیانەوێت شوفێر بەقسە یان بکات.

گلۆپی ترافیك لە هەموو جادەکان پێویستە لە هەمان کاتدا جێ ی پەرینەوە بۆ هاوڵاتیان. بەدرێژای جادەی مەولەوی یەك شوێنی یاسایی هەیە بۆ پەرینەوە , بە درێژایی جادەی سالم هیچ شوێنێکی یاسایی پەرینەوە نی یە.

دروست کردنی پارك بۆ سەیارە لە جادەکان کە بۆ ماوەی ٥-٣٠ خولەك ڕاوەستان تێیدا یاسایی بێت بەرامبەر بە بڕێك پارە ئەمە داهاتێکی زۆر بۆ شارەوانی پەیدا دەکات , دانانی یاسا کە هەمو ماڵێك دەبێت باخچەیەکی بچوك دروست بکات , ئێستا زۆربەی خانوە تازەکان باخچەیان تێدا نی یە.

دانانی یاسا بۆ جۆری قوتعەکانی سەر دوکان و دەزگاکان.

دروست کردنی تابلۆی نەخشەی شار لە دەروازەکانی شار لەگەڵ شیکردنەوەی دەزگاکان و شوێنە گەشت و گوزارەکان بە خاڵ لەسەر تابلۆکەو نەخشەکە وەك مۆزەخانە , خەستەخانە... هتد.

فرۆشتنی نەخشەی سلیمانی لە ناو شار بە چاکراوی بۆ ئەوانەی یان پۆ گەشت و گوزار ئەمانە خاڵە سەرەکیەکانن کە دەبێت بە زووترین کات چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە شانازی بەشارەکەمان وولاتەکەمان بکەین و بوێرین باسی شارستانیەت بکەین.